# شای دولبەران

دکتۆر تاهیر بابان 2004/12/16

ئەی شای دولبەران پێم بڵێ چیتە
مەیلەکەی جاران ماتە یا نیتە
دڵ کە ساوایە نەفامە شیتە
هەر لە دوی باڵاو گەردەکەی پێتە
مەستی باڵاتە بارەگاو جێتە
هەردەم چاوەڕێی ڕازەکەی پێتە
دیدەش هەمیشە وا لە سەر ڕێتە
هەتا هەتایە هەر چاوەڕیتە
گیۆش هەر ئەداڵە بۆ ئەو شەماڵە
پرشەی مرواریو خونچەی لە پاڵە
سا بەڵکو بێنێ لە عاشقی کۆنی
ووشەی ئاشکرا یا هەتا بۆنێ
هۆی مەستیی خەڵکی گەر ئاوی تالە
دڵی من مەستی کوڵمی تۆی ئالە
کوژراوی دیدەی گەشو ڕەشتاڵە
یا خەندەو کوڵمێ کە نەختێ چاڵە
ئەوەی بە جارێ لە عەشقم زاڵە
گوڵو مرواریو ئەستێرەو خاڵە
شای شەکر ڕازان تو عەشقت ڕازێ
بۆی عەشقی لێ بێو پڕ بێ لە نازێ
تا هێز بێتەوە گیانی وەک مردوم
گەردن ئازاد بی لەوەی پێت کردوم